# لاوان، چینێکی هەستیار

ئەحمەد مستەفا

کۆمەڵگا بەو پێیەی کە کایەیێکی لەگەشەنەکەوتووەو بەردەوام ڕاکە ڕاکەی گۆڕانکاریەکانی ژیانە، دیارە سەرجەم توێژو چینەکان لە واتادا ئەم کایە کۆمەلآیەتیە پێکدەهێنن، هەر کۆمەڵگایەکیش کام لە توێژەکانی زاڵبێت حەتمەن ئەو ئەقڵیەتە ئاراستەکان دیاریدەکات، کۆمەڵگا لەو کایەدا ئۆرگانەکانی ژیان دادەمەزرێنێت، هەرلە خێزان، لاوان، گەڕەك، شار، هەروەها دامەزراوەکانی ڕێکخراوەیی،حزبیو حکومی ...هتد. لەم کایەدا باشترین بنچینەو تواناو نەشونمای گۆڕانکاریەکان لەتوێژێکدایە، کەئەویش لاوانو گەنجانن، لاوان خوێن گەرمترین کەسانی نێو کۆمەڵگان، کە توانای جەستەییو هزریان تێدایە، بەرجەستەیە ئەمەش وادەکات زۆرترین ئەركو قورسایی ژیانی کۆمەڵگا لەئەستۆی ئەم توێژەدا بوەستێتو بەشێك لەبەرپرسیاریەتی بکەوێتە ئەستۆیان، ئەگەر کۆمەڵگایەك لەئەندامانی ئەم توێژەی بەڕێژەیێکی کەمبێت بێگومان پێکهاتەی سنوری ئەم دەسەلآتە لەبیّ هێزیدا نقووم دەبێتو لەڕووی ئیرادەو گەشەکردنەوە تا ئەندازەیەك لاوازیو کەم دەرامەت دەبێت، بۆیە لە هەر بارودۆخێکدابێت، دەسەلآت پێویستە بەباشترین بەرنامەی مەعنەویو ماددی لەپشتی ئەم توێژەوەبێتو لەئاست داواکاریەکانیاندا کەمتەرخەم نەبێتو بەپیر بانگەوازی داخوازیەکانیانەوەبچێت، چونکە نەیاربوونی توێژی لاوان هەمیشە مەترسی دەخاتە سەردەسەلآت، لە توانای پێکهاتەی کۆمەڵگاوە کەمدەکاتەوە، خوێنێك لە لەشی لاواندایە کە پێشکەوتنی کۆمەڵگا لە هەموو ڕووەکانەوە خێراترو سەرکەتووتر دەکات، نەخاسمە ئەم توێژە پشتیوانی ئەکادیمیو زانستی بخرێتە پاڵیو لەناو فیکری ڕادیکالآنەدا، بتوێتەوەو بەبەردەوامی ئاوێنەکانی ژیانی ڕوونو جوانتر بکرێت، لەم کاتەداو لەم تەمەنەدا ،مرۆڤ بونیادنەرێکی کاراو شایستەیە بە هەموو لایەنەکانی ژیان، حکومەت دەبێت ئەمە باش بزانێت، کە ئەم توێژە لەگشت بزووتنەوە سیاسیو ڕزگاریو فەرهەنگیەکاندا، خوێن بەخشی یەکەم بووە هەمیشە ئەم توێژە، بەلای پەراوێز خستندابووە، نەوەك لەئامێزگرتن، لاوان شایشتە بکەن بەوەی کە لەناوەندەکانی بڕیاردا بوونیان بە زەروورەت بزانرێتو هەبێت بەتایبەتی زۆر زەروورە لاوان نوێنەری زیاتریان لەئۆرگانەکانی ئیدارەی حکومەت پەرلەمانی کوردستاندا هەبێت، لەویش زێدەتر پێویستە لاوان لەپێکهێنانی حکومەتدا لەم وەزارەتەی هەیانە کەجێگای سەرجەم ڕێکخراوەکانی لاوان دەگرێتەوە، چونکە ئەم هەموو ڕێکخراوانە هیچ بوونێکی ڕێکخراوەییان نییە کە بەڕاستی گوزارشت لەلاوانو گەشەیان بکات، بەلکو پاشکۆیەکی حزبیو سیاسینو بگرە تەواوکەری لایەنە حزبیەکەن، بۆیە پێویستە ئەم وەزارەتە دوور بێت لەهەر گوتارێکی حزبیو سیاسی.